

# گومەزی شین

ئەسعەد عەزیز محەمەد
(کەرکووک)

حیکایەتخوان چیرۆکەکەی وەها دەگێڕایەوە:

ئەوەی ڕووی دا ڕابوردوو بوو، هەرگیز نابێت ڕابوردوو لەبیربکەین، ئەگەر ڕابوردوومان لەیادبکەین، ئەوە نازانین ئێستا بۆ کوێ دەڕۆین؟ ئامانجمان چییە؟ بە کوێ دەگەین؟

دێیەک لەو گەرمیانە، بەناوی دێی (گومەزە)وە هەبوو، یان دێی (شین) زۆر بەناوبانگ بوو، ناو و شورەتی دێیەکە لەو شەخسەوە وەرگیرابوو کە لە دوورەوە دەبینرا، گوندی گومەزە، یان وەک هەندێک کەس حەزیان دەکرد زیاتر بیناسێنن، بە (گومەزی شین) ناویان دەبرد.

ژمارەی ماڵەکانی نزیکەی سەد و چل و چوار ماڵە، سەرەتای ئەو ڕێگەیەی بەرەو ئاواییەکە دەڕۆیشت، بە گۆڕستانێک دەستی پێ دەکرد، نزیکەی دوو سەد مەتر لەولاترەوە تەپۆڵکەیەک هەبوو، بە تەپۆڵکەی شین دەناسرا، لەسەر ئەو تەپۆڵکەیە شەخسێک، یان ئارامگەی پیاوچاکێک هەبوو، تا ئەوکاتە هیچ کەس نەیدەزانی ئەو گۆڕەی کە گومەزی شینیان لەسەر هەڵچنیوە هی کێیە و ناوی تەواوەتی چییە؟ بەڵام چەندان گێڕانەوە لەبارەیەوە هەبوون، یەکێک لە گێڕانەوەکان باسی ئەوەی دەکرد: (گۆڕی ئەسحابەیەکە)، ئەمە جێگەی گومان بوو، چونکە ئەگەر گۆڕی ئەسحابە بوایە دەبوایە، گۆڕی تر لەو دەوروبەرە هەبوونایە، هەروەها بەڵگە مێژووییەکان هیچ زانیارییەکیان لەبارەی ئەو شوێنەوە نەخستووەتە ڕوو، هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەو شەخسە نییە، هەندێک کەسی تر وەهایان دەگێڕایەوە کە یەکێک لە ئەولیا و پیاوانی خودا کە بە

درێژایی تەمەنی خەریکی خواپەرستی بووە بۆ ماوەی ساڵێک ون دەبێت و دیار نامێنێت، خزم و کەسوکار و خەڵکی ناوچەکە زۆر بەدوایدا دەگەڕێن و نایدۆزنەوە، پاش تێپەڕبوونی ساڵێکی ڕەبەق بەسەر دیارنەمان و بزربوونی، بەڕێکەوت کاروانچییەکان بەوێدا تێدەپەڕن و دەبینن تەرمی ئەو وەلیەی خوا کە بۆ ماوەی ساڵێکە ون بووە لەسەر ئەو گردەیە، بێ ئەوەی هیچی لێ هاتبێت، دەرکەوتنی تەرمی ئەو کەسە بەو شێوەیە لەدوای لەلایەن خەڵکەوە ساڵێک بە کەرامات و موعجیزە باس دەکرا، ئیتر هەر لەو شوێنە گۆڕی بۆ هەڵدەکەنن و بە خاکی دەسپێرن، دوایی گومەزی لەسەر دروست دەکەن و دواتریش ماڵە کۆچەرییەکان پەیتا پەیتا لەو دەوروبەرەدا نیشتەجێ دەبن و دێی گومەزە دروست دەکەن.

ئەم گێڕانەوەیە باڵی بەسەر هەموو چیرۆکەکانی تردا کێشابوو، چیرۆکێکی تر هەبوو لەبارەی گومەزەکەوە کە گوایە زەمەنێکی زوو دوو چەتە و ڕێگری بەناوبانگ هەبوون و (شین و بۆرە) ئەوەندە جەربەزە و نەترس بوون، وەک دەڵێن کلیان لە چاو دەدزی، بەڕۆژی ڕووناک ڕێیان لە کاروانەکان دەگرت و ڕووتیان دەکردنەوە، پارە و سامانێکی زۆریان دەست دەکەوت، بەڵام لەولاوە جەندرمە و قشلاغی مەملەکەتیان هەراسان کردبوو، تا ڕۆژێکیان لەگەڵ جەندرمەکان ڕووبەڕووی شەڕێکی خوێناوی بوونەوە، لەو شەڕەدا (شینە) کوژرا و بۆرە توانی قوتار بێت. بۆرە وەک وەفایەک بۆ (شینە)ی هاوڕێی لەسەر ئەو تەپۆڵکەیە گۆڕی بۆ هەڵکەند و ناشتی، هەر بەوەوە ڕانەوەستا، بەڵکوو گومەزی شینی لەسەر دروست کرد و بەیداخی شینی بەسەر گومەزەکەدا بڵند کردەوە و قەبرەکەی کردە شەخس، ئیتر لەوەوپاش خەڵکی هەژار و نەزان بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو شتانەی کە لە ئاستیدا بێ دەسەڵات بوون، پەنایان بۆ شەخسی گومەزی شین دەبرد. ئەگەر بەڕێکەوت یەکێک لەو کێشە و گرفتانە چارەسەربوایە، بێ سێ و دوو هۆکارەکەیان بە بەرەکەتی ئەو شەخسە دەزانی، ئەگەر بە پێچەوانەوە بوایە هۆکارەکەیان بە خراپی خۆیان دەزانی.

بەهەرحاڵ گوندی گومەزی شین ساڵ لە دوای ساڵ بەناوبانگتر دەبوو، یەکەم بەهۆی مەرقەد و گومەزی شەخسی شینەوە، دووەمیش لەماوەی نیو سەدەی ڕابوردوودا کەسێک لەو دێیە بە ناوی (شێخی شین) پەیدا بوو، کە زۆربەی کات و ڕۆژ و شەو لەناو شەخسەکە دەمایەوە. خۆی ڕاستییەکەی ناوی (ڕەشید) بوو، بەڵام بەهۆی گومەزی شینەوە خەڵکی ئاوایی ناوی خۆیان لەبیرچووەوە، هەر بەناوی (شێخی شین)ەوە ناویان دەهێنا. خەڵک بە شێوازی جۆراوجۆر باسیان دەکرد و ناویان دەبرد.

زۆربەی خەڵکی ئەو دەڤەرە بە کەسێکی پیاوی خودا دایان دەنا و ئەژماریان دەکرد، تەنانەت ئەو کەسانەش کە بە وەلی و پیاوچاکیان نەدەژمارد، هیچ نکوڵییان لەوە نەدەکرد بەهۆی وابەستەیی بە ئایینەوە پێیان دەوت (شێتی دینی) بووە، بەڵام کەسانێکی تر هەبوون هیچ بڕوایان پێ نەدەکرد و بە (شێت)یان دەزانی. لەبارەی شێخی شینەوە زۆر چیرۆکی سەرسوڕهێنەریان دەگێڕایەوە هەندێک لەو چیرۆک و ڕووداوانە هیچ عەقڵ و لۆژیکێک قەبووڵی نەدەکرد. بەهۆی سادەیی و کاڵفامی زۆربەی خەڵکەکەوە سەرگوزشتەی وەهایان لەبارەی شێخی شین دەگێڕایەوە، تەنانەت لەگەڵ خودی ئایینەکەش یەکی نەدەگرتەوە،

ئەوەیان باس دەکرد کە ژنێک مردبوو بە هۆی کەراماتی ئەوەوە زیندوو بووەتەوە. ئەو زەمەنە زۆر حیکایەتی دەماودەم، لەسەر زاری خەڵک بڵاو بووەوە، زیاتر لە پازدە ساڵ شێخی شین وەک تارمایی لەناو سەرگوزەشتەی ژیانم هەبوو، لەو ماوەیەدا هەست و سۆزم بەیەک ئاست و بەرەو یەک ئاقار نەبوو. لە قۆناغی منداڵی و لە تەمەنی هەشت نۆ ساڵاندا لێی دەترسام، کە چاوم پێ دەکەوت و دەمبینی ترس و سامناکیم لە شێوەی بەدی دەکرد. ئەوەشم لە یاد ماوە ئەو کاتانە بەبینینی زارەترەک دەبووم، هەرگیز ئەو ساڵانەم لەبیر ناچێتەوە، بە دەیان جار خۆم لێی شاردووەتەوە، چونکە بڕوام وابوو کەسێکی ترسناک و تۆقێنەرە. چیرۆکی موعجیزە و کارە سەیر و سەرسوڕهێنەرەکانی کارەکتەری (شێخی شین) لەنێو بنەماڵەکەم بۆ پێش لەدایکبوونم دەگەڕێتەوە، زۆر لە تەمەن و بوونی من کۆنتر بوو، یەکێک لەو چیرۆکانە لەسەر زاری باپیرم باس دەکرا:

(لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان، باپیرم بە ماڵەوە بۆ سلێمانی باردەکات، یەکەم شەو دەگەنە ئەوێ باپیرم و مامەکانم لە ژوورێک دەخەون و داپیرە و پوورەکانم لە ژوورێکی تر دەخەون، لەو ژوورەی باپیرم تێیدا دەخەوێت لە سووچێکەوە دەبینن (شێخی شین) خەوتووە، بۆ سبەی هەموویان بە بینینی شێخی شین زۆر حەپەسابوون، دەیان پرسیاری بێ وەڵام پەیدابوو، چۆن زانیویەتی ئێمە هاتووینەتە سلێمانی؟ ئەو لە گوند و ئێمە لە شار؟ گریمان ئەوەشی زانیبێت ئەی چۆن زانیویەتی هاتووینەتە ئەم خانووەوە؟ ناوونیشانەکەی لە کوێ دەستکەوتووە؟ وێڕای ئەمانە، باپیرم جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەرگەی سەرەکی حەوشە کڵۆم درابوو، کێ دەرگەی بۆ کردووەتەوە؟ پاش ئەوەی لەخەو هەڵدەستێت لێی دەپرسن: (شێخە لێرە چی دەکەیت؟) ئەویش زۆر بە سادەیی و بێ ئەوەی کارەکەی بەلاوە گرنگ بێت دەڵێت:

(لە دڵی خۆمدا وتم ئەو ئامۆزایەم ئێستا لەو شارە غەریبە، دەڕۆم سەریان لێ دەدەم.) لە سەرەتای قۆناغی منداڵیمدا دانیشتوانی ئاوایی باسی ئەوەیان دەکرد ئەو کەسێکە دەتوانێت لە چرکەساتێکدا بەهۆی موعجیزە و کەراماتەوە دووری سەدەیان کیلۆمەتر بەئانوساتێک ببڕێت. خەڵک بڕوای وابوو زانیاری غەیبی هەیە، سەرلەبەیانییەک چووە سەربانی مزگەوتەکەی ناودێ و کەوتە هاوارکردن و قیژە قیژ و گریان و فیغان، بانگی خەڵکی کرد و پێی گوتن: (هۆ خەڵکینە بۆ دادەنیشن؟ هەستن بڕۆن قەبر هەڵکەنن، پێشمەرگە و کوڕە ئازاکەی دێیەکەتان کوژراوە، مەبەستی لە براکەی خۆی بوو، (شێخەڕەش) ئەو کاتە پێشمەرگە بوو. هەر لە بەیانی زووەوە ئەو بانگەواز و هاواری دەکرد لە پێش خۆرهەڵهاتنەوە هیچ کەس گوێی لێ نەگرت.

نیوەڕۆ هەواڵی کوژرانی شێخەڕەش گەیشتە ئاوایی، دوایی ئەو ڕووداوە، ئیتر خەڵک بە ترس و ئاگاییەوە گوێیان لێ دەگرت و زۆربەی خەڵک نەیدەویست عاجز و تووڕەی بکات بوغز و ڕق و کینەی لەگەڵدا بکات و ڕووبەڕووی ببێتەوە. دیمەنێکی تر لە بەسەرهاتی شێخی شین، کە لە بەرچاوم ون نابێت، لە دیوەخان دانیشتبووین، لەناکاو تووشی حاڵ هات، واتە پێشتر ئەگەر تووشی حاڵ بوایە دەیکردە هاوار و قیژە و هەندێک جار شتی دەشکاند، یان جلوبەرگی خۆی دەدڕاند، بەڵام ئەو جارە

وانەبوو هەستاوە سەرپێ و فووی لە چراکە کرد و کوژاندییەوە و گوتی: (هیچ کەس فریای ئەو ژنە بەستەزمانە نەکەوت تا مرد.)

دوای تێپەڕبوونی چەند سەعاتێک هەواڵی مردنی ژنێک بەسەر منداڵەوە گەیشتە خەڵکی دێیەکەمان. بە بیرەوەرییەکانم گەڕامەوە دواوە، بۆم دەرکەوت کە لە منداڵییەوە لێی دەترسام، تا تەمەنم گەورەتر دەبوو، پتر ترسم لێی دەشکا، لە تەمەنی هەرزەکاریمدا وەک شتێکی نهێنی دەمویست ئاشکرای بکەم و بیدۆزمەوە، لەو کەسێتییە تێبگەم، بە ژیان و ڕەفتاری ئاشنابم، هەوڵم دەدا هاوڕێیەتی بکەم و هۆگری بم، هەر لەبەر ئەوە لەگەڵی دادەنیشتم و گوێم لێ دەگرت، ئەو زەمانە ئەویش زۆر حەزی بە نزیکبوونەوەم دەکرد.

کاتێک تەمەنم بەرەو سەرەوە هەڵکشا، زیاتر هەستم بە بەزەیی و سۆز و خۆشەویستی بەرانبەری دەکرد، هەندێک جار هەستم بەوە دەکرد کە ئەو کەسە پێویستی بە چاودێری و ئاگاداری هەیە. ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە درکم بەوە دەکرد سەرەڕای هەڵسوکەوت و ڕەفتاری سەیروسەمەرەی، بەڵام بڕوای تەواوم بەوە هەبوو کە کەسێکی نەخۆشە و پێویستی بە چارەسەر هەیە. هەرگیز نکوڵی لەوە ناکەم بەوەی هەندێک پێشبینی و قسە و کرداری دەبووە حەقیقەت و ڕووی دەدا. یەکێک لەو ڕووداوانە کە دواجار بووە هۆی کۆتاییهاتنی چیرۆکی دێی (گومەزی شین) و ئەفسانەی شێخی شین، ئەوەبوو لە کۆتایی وەرزی زستاندا، سەرلەبەیانییەک بە تەنیشت ئارامگەکەی گومەزی شین زۆر بە مات و مەلوولی و بەعاجزی دانیشتبوو، هاوشێوەی منداڵێک دەهاتە پێش چاوم، کە کەسێک زویری کردبێت و ئازاری دابێت. شێوە و ڕوخساری بە ڕۆژانی پێشوو نەدەچوو، ئەو لەهەر شوێنێکەوە منی ببینیایە خۆی بەرەو لام دەهات، کەچی ئێستا بانگیشی دەکەم ئاوڕم لێ ناداتەوە، لەبەر ئەوە بەپەلە بەرەو بەرزییەکە هەڵزنام و خۆم گەیاندە لای، کاتێک منی بینی، بە سەرنجێکی زۆر سەیر و بە پەشۆکاوی سەیری کردم.

پاشان بە هەردوو ناولەپی دەموچاوی خۆی شاردەوە، زۆر پرسیارم لێی کرد، هیچ وەڵامی نەدامەوە، هەر وازم لێ نەهێنا و پێم گوت: (چیتە؟ نەخۆشی؟ کێ عاجزی کردوویت؟ پێم بڵێ؟) زۆر هەوڵم دا بێسوود بوو، هیچی لە زار نەهاتە دەرەوە. ماوەیەک بە بێدەنگی بە تەنیشتییەوە دانیشتم، زۆر لەبارەی حاڵییەوە نیگەران بووم، نەمدەزانی چی بکەم، ئەویش خۆی مت کردبوو، نقەی نەدەکرد. هەر چاوەڕێی ئەوە بووم کاردانەوەیەکی هەبێت، وەک جارانی پێشوو شتێک بکات، هاوار بکات، بقیژێنێت، بگری، بدوێت، هیچ دەنگ نەبوو، بە نائومێدی هەستام و ویستم بڕۆم، ئەو ماوەیە لەبەر خاتری ئەو هیچ جگەرەم نەکێشا، دەمزانی حەزی لە دووکەڵی جگەرە نییە، کە هەستامە سەرپێ جگەرەیەکم لە پاکەتەکەم دەرهێنا و خستمە سەر لێوم، سەرێکی بەرزکردەوە، بە قوڕگێکی نووساوەوە وەک کەسێک زۆر گریابێت و شیوەن و هاواری کردبێت، بە دوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بە هێمنی گوتی:

(جگەرەیەکم بدەرێ) جگەرەیەکم دایە دەستی و بۆم داگیرساند، جارێکی تر بە ئەسپایی دانیشتمەوە. دەمزانی بەسەرهات و گێڕانەوەیەک بەدوای ئەم دانیشتنە خەمبار و مات و مەلوولییەی شێخی شینەوە دێت. چاوەڕوانی باسکردن و

گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بووم: (ئەمشەو لەخەوما، بەهار بوو، شاخودەشت و کێو و قەدپاڵ و نشێو سەرتاپا سەوزی پۆشیبوو، دیمەنێکی ئەوەندە جوان و شەنگ بوو، هەڵاڵە و گوڵاڵە و نەسرین و گوڵی جوان ئەو ناوچەیەیان ڕازاندبووەوە، هەوای پاک و بێگەردی بای شەماڵ، فێنکی بە ڕوح و جەستە دەبەخشی، خەڵک خەریکی ئاهەنگ و سەیران بوون، لەناکاو گۆڕانکارییەکی ترسناک ڕووی دا، کە لە حیسابی هیچ کەس نەبوو.

ڕەشەبایەکی تۆزاوی لە بیابانەکانەوە هەڵیکرد، خۆڵ و تۆزی بیابانە وشکەکان، هەموو جوانییەکانی داپۆشی، پیت وشەی لە گەروودا دەخنکاند، هاوار و گریە و ناڵەی منداڵ و ژن و پیرەکانی تاساند، ئەوەی دیمەنەکەی دەبینی دەیگوت: (کێ بینویەتی لە بەهاردا گوڵ بمرێ؟ کێ بینویەتی لە بەهاردا چۆڕێ ئاو نەبێت دەمی وشکبوو تەڕ بکات؟) حەپەسام، گۆڕی زۆر گەورە هەڵکەنرابوون، هەر خەڵک بوو بە زیندوویەتی فڕێ دەدرانە ناو ئەو چاڵانە، کە دواتر ناونران (گۆڕی بە کۆمەڵ)، هەر کەسێکیان تێدەهاویشت، هەر پڕ نەدەبوو، هەرگیز ڕۆژێکی وەیشوومەی وەک ئەو ڕۆژەم پێشتر بەبیر نایەتەوە، ئێستاش لەبەر چاومە، شۆڤڵەکان خانووی ئاوایی ماڵ بە ماڵی گوندیان دەڕووخاند، نەیاندەهێشت هیچ دیوارێک بەپێوە ڕاوەستابێت، مزگەوت دەڕووخا، قوتابخانە و گۆڕستان دەڕووخان، ئەوەشم بینی شۆڤڵەکان ئەوەندە بەڕق و توندی و تۆڵەسەندنەوە گومەزی شین دەڕووخێنن، تەنانەت بەشێک لە تەپۆڵکەکەش لە ئەنجامی ئەو وێرانکارییە دەتاشرێت و چینێک لە خۆڵەکەی فڕێ دەدرێتە دۆڵەکەی تەنیشتییەوە. ئەوەم بینی تۆ لەوێ قوتارت بوو، من لەوێ بووم، نازانم چیم لێ هات؟ بەڵام ئەوەی بەسەر ئەو خەڵکەدا هات، بەسەر منیش هات.) لەخەو ڕاچەڵەکیم، هێشتا چاوم نەکردبووەوە، دەنگێک پێی گوتم: (ئەوەی بینیت، خەو نەبوو، ڕوو دەدات، تا زووە خەڵک ئاگاداربکەرەوە تەگبیری خۆیان بکەن).

بە دیدێکی پڕ لە میهرەبانی و هەست و سۆزەوە، کە خۆشەویستی باوکێک بوو بۆ منداڵەکەی گوتی: (کوڕم تازووە ،بڕۆ ئێرە بەجێ بهێڵە، دەستم دامێنت لێرە مەمێنە، ئەم دێیە خاپوور دەکرێت، ئیتر ئاواییەک بەناوی گومەزی شین نامێنێت).

ئەو کاتە کە بەجێم هێشت تەنیا ئەوەندەم پێ گوت: (ئەوە بە تەنیا خەونە و هیچی تر)، بەڵام لە ناخی خۆمدا بڕوای تەواوم بەوە هەبوو، کە شێخی شین زۆرجار قسەکانی دەبنە ڕاستەقینە و واقیع و ڕوودەدەن، نازانم ئەو جارە بە کاریگەری قسەکانی ئەو بوو، یان بە هۆی لێکدانەوەی خۆم بوو، دوای هەفتەیەک لە گێڕانەوەی خەونەکەی بۆ یەکجاری دێیەکەم بەجێ هێشت و لە شار نیشتەجێ بووم، بەڵام هەواڵەکان و باسی شێخی شین ئەوەیان دەگێڕایەوە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ داوای لە خەڵک دەکرد گوندەکە بەجێ بهێڵن، هەموو ڕۆژێک پێی دەگوتن: (ماڵ و بارگە و بارتان بپێچنەوە و بڕۆن و باربکەن، لێرە مەمێننەوە، ڕۆژێک دێت فریای ئەوە ناکەون خۆتان و منداڵتان ڕزگاربکەن، ڕجاتان لێ دەکەم بڕۆن باربکەن، مەوەستن، سەیرم مەکەن، بڕۆن باربکەن)، ئەوەیان دەگێڕایەوە دەیکردە هاوار و قیژەقیژ، دەڕۆیشتە سەر سەکۆی مزگەوتەکە و پڕ بەدەمی بانگی دەکرد و هاواری دەکرد: (خەڵکینە لێرە مەمێننەوە، بڕۆنە شارەکانەوە، دێ نامێنێت)، ژمارەیەکی کەم بە قسەیان کرد و ڕوویان لە شارە گەورەکان کرد.

سێ ڕۆژ پێش ڕووخاندنی دێیەکەیان جارێکی تر کەوتە هاوار و بانگەواز: (واز لە ماڵ و حاڵتان بهێنن و بڕۆن بۆ هەرکوێ دەڕۆن، بەس لێرە مەمێننەوە)، ئەم جارەش چەند کەسێکی کەم بە قسەی کرد. لەدوا جاردا پەلامار و دڕندەیی کرداری بەناو ئەنفال گەیشتە دێی (گومەزی شین) ماڵوموڵکیان بەتالان برا، ژن و منداڵیان بەدیلی گوێزرانەوە سەربازگەکان، (٣٦) پیاو لەو گوندەدا لە ڕەشبگیری ئەنفال لەناو چوون. ئەوەی جێگەی مشتومڕ و بەردەوام گفتوگۆی لەسەر دەکرا، چارەنووسی شێخی شین بوو، ئەگەر دوو کەس گفتوگۆیان لەسەر ئەو باسە بکردایە، یەکێکیان دەیگوت: ڕەشیدە شێتیش (شێخی شین) لەگەڵ خەڵکی دێیەکە ئەنفال کرا و لەناوچوو.)، ئەوەی بەرانبەری ڕەتی دەکردەوە و دەیگوت: (هیچ کەس نازانێت ئەو چی لێ هاتووە، ئەو بۆ غەیب ڕۆیشتووەتەوە، مەگەر خوا بزانێ چی لێ هاتووە؟ ئەو لە ئەنفال نەگیراوە و لەناو نەچووە).

دێ ڕووخا، خانووەکان خاپوورکران، گۆڕ و ئارامگەی پیاوچاکی گومەزی شین فڕێ درایە دۆڵەکەوە، هیچ شتێک لەو دەڤەرەدا نەما گەواهی لەسەر ئەوە بدەن، ئەو شوێنە مەملکەتی ئینسان نشین بووە، هیچ کەس باسی دێی گومەزی نەدەکرد، جێگەیەکی فەرامۆشکراو بوو، بۆ چەند ساڵێک لەبیر چووەوە، دواتر جارێکی تر بووە سەردێڕی باس و هەواڵی هەموو خەڵکی شار، کۆڕ و کۆبوونەوە نەبوو ناوی ئاوایی گومەزە نەیەتەوە سەر زمان، ئەوەش بەهۆی هەڵکۆڵین و گەڕان بەدوای ئاسەواری مێژوویی بوو، دەرکەوت ئەو گومەزی شینە کە ئارامگەی گۆڕی کەسێکی لەژێردا بوو، تەپۆڵکەیەکی ئاسەواری زۆر گرنگ بوو، لە ئەنجامی هەڵکەندن و گەڕان و پشکنین بە دوای ئاسەواردا لەو شوێنە (تاتە بەردینەی کۆن و دێرین، مرۆڤی مۆمیاکراو، زێڕ و خشڵی بەهاداریان دۆزییەوە.)، دوای چەندان ساڵ بەڵگەیەکی مێژوویی دۆزرایەوە، نووسراوێکی زۆر کۆن لەناو ئەو شوێنەوارەدا بوو، پەیامێکی باپیران بوو بۆ نەوەکان: (ئێرە ڕابوردووتانە، گەنجینە و مێژووتانە، دوژمنان بە دڕندەترین شاڵاوی وێرانکاری قەتڵوعام و لەناوی بردن و ئەنفالی کردن. ئەم گەنجینەیە تا ئەنفالێکی ترتان بەسەر نەیەت دەرناکەوێت، پاسەوانی مێژووم بۆ ڕەوان کردن، گەنجینە و مێژووتانی شاردەوە، هیچ ئاسەوار و بەڵگەیەکی مێژوو ئاشکرا نابێت تا ئەو گۆڕە لەوێ بمێنێت، کە گۆڕەکە خاپوور کرا، گومەزی شین ڕووخێنرا، مێژوو سەرلەنوێ دەردەکەوێت، ڕابوردوو و ئێستا بەیەکەوە گرێ دەدرێت، ئەوسا چیرۆکی گومەزی شین بۆ هەتا هەتایی کۆتایی دێت).

**شاری ئارابخا- ٢٠٢٤/٩/٢٣**